






XALXALOKE GOVAREKI WERZIYE AHMAD DASHTI DERIDEKAT- 17-05



**بەیادی 19 سال** رۆژی وەفاتی جوانەمەرگ و شەهیدو هەردەملەیادمان کاکە ئیدریس بارزانی نەمر،ئەو رابەرو سەرکردەیەی کە هەرگیز لە یادمان ناچێتەوە و هەمیشە هەر زیندووە و قەت نامرێت . بچۆ بۆ لایەرە 14



**گەورە مەردانی کورد**:ئەمجارە بۆرپێزنان لەگەورەمەردی کورد ئاورێکلە دووهۆزانی نیشتمانی نەمر مەلاخدری‌دەشتی‌دەدەینەوە..بۆل

## چەند پولێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی‌باشـــور



## ئالای کوردستان



بۆ لاپەرە 19

**زەنوێر**: زەنوێر واتەگوڵستان،باساتێ لەگەلوینەجوانەکانی ئێوەبەرینەســـەرو بچینە لە لاپەرە 5



**پەندی ژیان** : مرۆ لە ژیانی دا دەبێ هەمیشە پەند وەر بگرێت وسەربەرزانە بژێتئەوانەی کەئەندەرز وەردەگرن کەمتر توش بەئازارەکان دەبن ، ل 6

## زارۆکەئازیزەکانمان



ئەوا ئەمجارەش لە گەل خالخالۆکە بەیەک گەیشتینەوەو دیسانەکێ بەم زستانە ساردو پڕ لە بەفرو بورانەدا وا دەردی دل دەکەین و لەگەل مندالە ئازاو ژیرو ژیکەلەکانمان بە چەند وێنەو پەیڤ و داستان و مەتەلۆک و روداوو وشەی شیرینی کوردی چەند ساتێک لە گەل خالخالۆکەدا دەبەینە سەرو هەندی دلی خۆمان بە خوێندنەوەی چەند نکتەیەک شاد دەکەین و هەروەها مێشکی خۆمان بە خوێندنەوەی بابەتە جوراو جورەکانی تری خالخالۆکە زاخاو دەکەین و چەند وشەیەک و پەندێک لە ژیانی رۆژانەمان فێر دەبین و دوور لە ژیانی تەنبەلی و نەخویندنەوەو یاد نەگرتن دەبەینە سەر،بۆ هەر زارۆکێکی ژیر و بە توانا باشترین شت فێر بوونە ، خۆ فێر بوونیش بە خوێندنەوەیە کە تیادا زانست وەربگرین و فێر بین و خۆمان دوور بکەین لە بەلای نەزانین ،کە نەزانین

**وەرزی زستان**:وا خەریکە وەرزی ساردو سڕی زستانیش مالاوایی دەکات.... لاپەرە

**ئاژەلانی پەیڤگۆ**

هەروەک ژمارەکانی پێشو لە گەل بەشێکی تر لە پەیڤی ئالەلان دا برۆ ل9

**بـــۆپێیـــکـەنین**
برۆ **لاپــــەرە** 11

جاو بەنازلایەرە:17

**فۆلکلۆر**:گوتمانلەهەر ژمارەیەکی‌خالخالۆکەدا باسی‌یاریەکیفۆلکلۆری دەکەین‌کەباسی‌ئەمجارە یاری حێلانێیە . ل11

**من پێشمەرگەم**

منپێشـــمەرگەم کوردستانی خۆم خۆش دەوێ قەت‌ناسرەوەم تا لاپەرە 3

**پیاز**:دەلێن خواردنی پیازسودی‌زۆرە.ل20

# بەیڤی بڵند و ڕاست

- پێشمەرگە ئەو مرۆڤەی مەزنەیە کە گیانی خۆی دەکا بە قوربانی گەل و نیشتمانی.
- ئەوانەی کە لەرێی گەل و نیشتمانیان گیانیان دەدەن هەرگیز نامرن.
- گەورەترین سەرکردە ئەو سەرۆکەیە کە گەل و نیشتامی خۆی بەرەو بەختەوەری و پێشکەوتن دەبات.
- چاکترین هۆزان ئەو شیعرەیە کە بۆ ئازادی و سەربەرزی نێشتمانە و هەمیشە زیندووە.
- جوانترین شت بۆ مرۆڤ زانستە.
- کار کردن جەوهەری هەر مرۆڤێکە.
- مەزنترین قوربانی دان بۆهەرمرۆڤێک لە رێگەی گەل و نیشتمانە.
- ئەوەی شانازی بە گەل و نیذتمانی خۆی نەکات ناپاکە .
- هەرکێ وەفای نەبێ بۆ زمانی باب وکالانی دیارە زۆلە.
- زمان بنەمایەکی گرنگی بوونی هەر نەتەوەیەکە.
- لە دوای هەوو ناخۆشیەکدا شادیەک هەیە.
- ئەوانەی لە رابوردو پەند وەرناگرن داهاتویان بەختەوەر نابێت.
- هەمیشە هەڤالی ژیر و زانایان بە.
- ئەگەر ریز لە پیاوی چاک بگری دەیکری .
- ئەگەر ریز لە پیاوی پەست بگریت لێت هەل دەگەرێتەوە .

# پەندی پێشـــــینیان

- خوا تا کێوان نەبینێ بەفری ناوێتێ .
- کەربارەکەی لە تفەنگیش بێت گورگ هەر دەیخوات.
- ئاشی نەزان خوا دەیگێرێت .
- بە قەد بەرەی خۆت پێ را بکێشە .
- بەردێ نکاری هەلی بگریت وازی لێ بێنە .
- کەسێ رێز لەخەڵک بگرێت رێزی خۆی دەگیرێت .
- دەستی ماندوو لە سەر زگێ تێرە
- ئاو لە دوای ئاوەدانیە .
- جێگەی مست پێلەقەیە .
- داری خۆزیا و بریا قەت بەر ناگرێت و بێ بەرە .
- هەرکەس بە پێی خۆیەوە دەروات بە رێوە .
- ئەم دەستە پێویستی بەم دەستە نەبێت.
- گەلێ گۆشت خۆر هەن بەلاّم تەنیا ناوی گورگ بەدە .
- یاری نەزان هەر نەزانە.
- نەزانی عەیبە بەلاّم پرسیارکردن عەیب نیە .
- ئەوەی نەزیک کورەی ئاگر بێت پروشکی پێ دەکەوێت .

## مەتەڵۆکە :

- **ئەوەچیە ؟ گلۆلە بایە و هەڵم دایە و نەبڕایە .**
- **ئەوە چیە؟ هەتا نەیبەستیتەوە ناڕوات .**
- **ئەوەچیە ؟ نە پێیهەیـــــە و نە پانی هـــەر بە خۆی دەچێتە سەر بانی.**
- **ئەملا پەرژین ئەولا پەرژین تێی دایە کۆترێکی نەخشین.**

وەرامەکان: 1-رێگایە. 2-کالەمـــــــــووە. 3-دوکەلە.4-چاوە.

لە کوردەواری ئەم مەتەلۆکانە یەکجار زۆرن و باون بۆ تیژی باشە.

## من پێشمەرگەم

ئەحمەد دەشتی

من پێشمەرگەم کوردستانی خۆم خۆش دەوێ
قەت ناسرەوم تا نیشـــــــتمانم ســـەرکەوێ

لە رێی بەرزی سەربەخۆیی کوردســـــــــتانم
پێشکەش دەکەم هەموو ماڵ و ســـەرو گیانم

سازش لە سەر بستێ لە خاکی شـــــــیرینم
هەرگـــیز ناکەم هـــەتا مابم من لە ژینـم

بە گیان و دڵ بە هەســــتی پاک بۆ رزگاری
گیانم دەدەم بۆ ئـــــــازادی کـــــوردەواری

کورد هەســــــتمە کورد بیرمە لەم جیهانەم
ســــــەربەخۆیی کوردستانم بە هیچ نادەم

داگترکەران لە ســـەر خاکی نیشــــــــتمانم
وەدەر دەنێـــم بە خەبات و تێـــکۆشـــانم

دەڵێم بمرن دوژمنـــــان و داگیـــــرکەران
هەر سەر شـــۆڕ بن خائینان و گشت نەیاران

کوردســـــــــتانم واری کوردە هەر بۆ کوردە
دەبێ برۆن داگیرکەران لەم ســــــــر هەردە

من پێشمەرگەی کوردســـــــتانی ئەوینی خۆم
من هەڵدەدەم ئـــــالای بەرزی رەنگینی خۆم

دەســـــا برۆن رۆمیـــان و تازی و عەجەم
بەســــــە چیتر بۆ کـــــورد مێنن ئازارو خەم

دەبێ منیش لە خاکی خۆم ســــــەربەخۆبم
چیتر لە ژێر چنگی ئێـــــــوەی نامەرد نەبم

ئاڵای بەرزم هــــەڵ دەدەم و پڕ هەست دەژیم
ئەسپی هونەر تاو دەدەم و ســـەربەست دەژیم

کوردســـــــــتانی سەربەخۆی خۆم دەپارێزم
وەپێس دەخەم نیشـــــــتمانی پڕ لە هێزم

## ئایا دەزانی؟

- ئایا دەزانن نەورۆزی 2006 زاینی ئیمسال دەبێتە سەرەساڵی 2706 کوردی؟
- ئایا دەزانن کە 31.1.1987 کاک ئیدریسی جوانەمەرگ وەفاتی کرد؟
- یایا دەزانن؟ لە 22.1.1946 دامەزرا ؟
- ئایا دەزانن؟25.1.1936 کۆچی دوایی مستەفا پاشی یامولکیە ؟.
- ئایا دەزانن کە 31.1.1967شەهید کردنی شەهید ئارامە؟
- ئایا دەزانن ناوی مانگەاکانی کوردی لە وەرزی زستان دا ناویان 1-بەفرانبار 2-رێبەندان 3- رەشەمەیە؟
- ئایا دەزانن کە 2.1.1958 دوەم کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە شاری لەندەن بەسترا؟
- ئایا دەزانن کە7.1.1946 رۆژی بلاو کردنەوەی گۆڤاری کوردستانە؟
- ئایا دەزانن کە 14.1.1969 کۆچی دوایی شەخ ئەحمەدی بارزان نەمرە؟
- ئایا دەزانن کە 16.1.1930یەکەم کۆبونەوەی کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتووەکانە؟
- ئایا دەزانن کە 21.1.1953 سێیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا؟

## خیانەت

خیانەت: خیانەت بۆ هەر مرۆڤێک تا بڵێی کارێکی زشتە لەهەربوارێکەوەبێت،بەتایبەتخیانەتلەگەلو نیشتمان گەورەترین تاوانە،هەمووئەوانەیکە دژ بە خاک و نیشتمانیان رەفتار دەکەن تا مابن لە ژیان دا هەرگیز نکارن کە بۆ ساتێکیش سەریان بەرز بکەن و وەک مرۆڤ بژین،ئەوان کەسانەی کە خیانەتکارن بە نیشتمانیان هەتا ئەو دەمانەی کە سەریان دەنێنەوە روو رەش و شەرمەزارو سوک و چروکن لە بەر چاوان دا و لە لایەن هەموو کەسێکەوە بە چاوێکی سوکەوە سەیر دەکرێن و کە دەشمرن هەزاران تف و نەفرینیان بۆ دەنێردرێت خالخالۆکە

# دەشتی ودوو هۆزانی نیشتمانی



دەشتی ناوی خدر کوڕی ئەحمەد عەبدللا نانەکەلیە لە ساڵی 1909تا ساڵی 1957ژیاوە ئەم زاتە کە یەکێکە لەوهۆزانوانەدڵسۆزە کوردانەی کە بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی کوردستانەوە بۆ گەل و نیشتمانی خۆی هۆزانی هۆنیتەوەو لە ئەو ماوە کورتەی ژیانی دا گەلێکی خزمەت بە کوردو کوردستانی خۆیەوە کردووە و وەک کوریکی نیشتمانپەروەر چە لە ڕێی خوتبەکانی بۆ ئامۆژگاری و هەولی سەرکەوتنی گەلی کورد دا چە لە ڕێی هۆزانەکانی نیشتمانی دا قەت کەم تەرخەمی نەکردووە بۆ هەستی بەرزی کوردایەتی و خەبات و تێکۆسان لە ڕێگەی ڕزگاری لە چنگ دوژمنان و داگیرکەران ، ئەو هەمیشە بە هەناسەیەکی ساردەوە باسی نەگبەتی و بەدبەختی گەلی کوردی کردووە و بۆ بوونی وەڵاتێکی سەربەخۆی کوردەواری و ژیانێکی پڕ لە ڕەهایی و سەربەستی دا هاواری کردووە و هۆکارەکانی نەبوونی وەڵاتێکی سەربەخۆی کوردی لە هۆزانە نیشتمانیەکانی خۆی دا دەست نیشان کردووە و هەمیشە داوای ڕاپەڕین و شۆڕش و بەرخوان و پێشکەوتن و هەولدانی بۆ ڕزگاری لە گەلی کورد کردووە وداوای خەبات و تێکۆسان و پەیدا کردنی تەکنەلۆژیای تازەو نووێی کردووە ، دەبینین لەم هۆزانەی دا چۆن باسی دوا کەوتن و داگیر کردنی سەروەت و سامانی گەلی کوردی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کردووە ، چون پڕ بە ئاخ و کەسەرەوە بۆ نیشتمانی خۆی دواوە و هەردەم بۆ گەلە چەوساوەکەی خۆی هاوار دەکات ، لەو ڕۆژگارانە کە ئینگلیزەکان هاتوونەتە کوردستان و هموو نەوت و کان و مەعدەنیکی کوردیان بە تالان بردووە و بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان بەکار هێناوەو گەلی کوردیان لە ژیانی ئازدی و سەربەخۆیی و ڕەهایی بێ بەش کردووە ، بۆ لاپەرە5

## بۆنیگبەتی ئەم میللەتە

بۆ نیگبەتی ئەم میللەتە بی جانە دڵی من
بۆ میللەتی ئازوردە لە زەلیانە دڵی من
بۆ حیددەتی ئەم کوردە لە ترسانە دڵی من
بۆ زیللەتی ئەم کوردە لە گریانە دڵی من

کوردینە وەرن شەربەتی ڕێکی بە دەماکەن
ئەم مولکەلەدەست عالەمی بێگانە ڕەهاکەن
یەکدی مەکوژن ڕوویی سەناییع لەهەوا کەن
بەم ئاووری ناکەیە سوتاوە دڵی من

خاکی وەتەنی ئێوەیە هەردەم کەدەنالی
سەد حەیفە کە ئەم مەعدەنە ئەڕوا بە بەتالی
ئەمڕۆکە سبەی دێتەوە بۆ حەڕبی شیمالی
بۆ سەنعەتی تەییارەیە هاواری دڵی من

تەندوورە مەکەن ڕۆژی بەسەرکەوتنە ئەمڕۆ
جەنبوورە مەکەن ڕۆژی وەدەرکەوتنە ئەمڕۆ
سەم تورە مەکەن ڕۆژی سەعی کردنە ئەمڕۆ
بۆ سینەمای ناتیقە بێ نوتقە دڵی من

داسووک و تەورداس و دەمپێمەڕە تاکەی
دەریۆزە و و پاڕانەوە و بێ پارە هەتاکەی
ئەم مولکەلەدەست لەندن و ئاسوچرە هەتاکەی
مەعروفی ئە لەتریک و فەنەرگازە دڵی من

گوگردە ئەسوتێەوە ئەمڕۆ لە زەمینا
ئینگلتەرە هات و وەری گرت و لە دەمینا
ئێوەش بە هەموو دەم سەرو ماڵ و لە ڕەهینا
شێواوی کەبابی جگەری کوردە دڵی من

لۆکەی وەتەنی ئێوەیە ئەمڕۆ بووە دینار
ڕووحی وەتەنی ئێوەیە ئەم فلسی خەریدار
بەم حالەیە دەشتی کە دەبێ عاجز و بیمار
هەردەم کە خەفەتخان و بریندارە دڵی من

* بۆ لاپەرە 5

ئەگەر بە وردی ئەم دوو هۆزانەو هۆزانەکانی تری ئەم شاعیرە مەزن و زاناونەمرە بخوێنینەوە دەبینین کە هەر لە زووڕا دەشتی وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری کورد بە تەنگ کیشە رەواکەی نەتەوەی خۆیەوە بووە و هەمیشە باسی دواکەوتنی گەلی کوردو نەبوونی مافی ئازادی و ڕەهایی لە چنگ داگیرکەرانی کوردستان داکردووە، دەشتی هەمیشە نیشتمانی خۆی خۆش ویستووەو و شانازای بە کورد بوونی خۆیەوە کردووەو هەرگێز ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گەل داگیرکەرانی کوردستان دا سازشی نەکردووە و وەک مرۆڤێکی زانا بە تەنگ کێشە ڕەواکەی خۆی بە پەیڤ و خوتبە و هۆزانەکانی دڵسۆزانە چووە و باسی داگیر کردن و زەوت کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی کردووە کە داگیرکەرانی کوردستان سالەهایە لە سەر سامان و بەرو بوومی خاکی کورد دەلەوەڕین و هەرچی دارایی و کان و نەوتی کوردە بە تالانی دەبەن و گەلی کوردیش بی ژیان و دوور لە هەموو مافێکی ئازادی و ڕزگاری و سـەربەخۆیی خۆیەوە دەژیت هۆکارەکانی ئەم هەموو نەهامەتی قئازارانەی کوردیشی بە نەزانین و خیانەت کردن و دووبەرەکێ و بیری دواکەوتوانە زانیوەوە،دەبینین لە هۆزانەکانی نیشتمانی دا هەمیشە باسی لە یەک گرتن و هەولی پێشکەوتن و پەیدا کردنی تەکنەلۆژیای وەک فرۆکە و هەولی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردی جاڕ داوە.با لە گەل ئەم هۆزانەی دەشتی چەند دەمێک بەرینە سەر کە دەڵێت .

# تاجی ئیستقلال

هەرکەسێ هـات و بەدیعی سەنعەتی بوو ناویدا
خاکی ئێـوەی کردە پاپۆی و لە بەحرا ناویدا
مەکتەبی لاسـلکی دانا نەفعی بێ ئەندازیدا
تابەکەی ئێوەش لەجەهلا دائەدوورن پووشی سەم

بابەگوڕگوی تاوەکوو ئێسـتاکە پیری ئێوە بوو
خانەقاو و تەکیەو و ڕێبازی شیـخی ئێوە بوو
جێگەیی مەولوود و سـەد ئیحسان و خێری ئێوە بوو
ئێسـتاش واپێ خەنی بوون عارەب وتورک و عەجەم

چاکە فکرێکەن لە ئیسـتقبالی خۆ زوو چارەکەن
تەرکی وەحشەتکەن سیلاحی یەکدی کوشتنن پارەکەن
ڕوو لەپەیدا کردنی ئـالاتی وەک تەییارەکەن
تاوەکو دەشـتی نەبێ مەشغولی قال و قیلی خەم

*

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی دەشتی نەمر و هەموو ڕابەرو دڵسۆزو ئەونەی کە لە ڕیگەی نیشتمانیان دا بە دل و هەست و بیری پاکیان دا خەبتیان کردووە .

ئەی عێراقی بێکەس ودڵ پرلە ئێش و دەردو خـەم
وەی ئەسـیری حەربی نایێکی لە مەیدانی بەتەم
حەیفە پاشی تۆ بمێنن کـوردەکانی بێ حەشەم
چوولەدەستیان مەعدەنیعیززو شەیەف بەینەلکەڕەم

ئەی گەلی ئەشـرافی کوردان بۆ غەریقی زیللەتن
بۆچی وا دائیم خـەریکی قووتی مولک و میللەتن
بۆچی وا دەعیە و تەکەببـور لێ ئەدەن پرحیددەتن
چاکە شـەرمێکەن لەعالەم سەربەخۆ کاکن لەدەم

مەرکەزی خاکی سـلێمانی خیانەت تێکی دا
خۆبەخۆ هەرچی کەهـات و قوووەت و قەولێکی دا
تاجی ئیسـتقلال بێ سەر چوو چ نەفعێکی نەدا
چەققە لولە و بابەیۆ پشـتم شکا یۆژی نەدەم

کوا ڕەئیسی جـاف و هەم کوا میرەکانی پشت گەلی
ئیجتماعی میروسـوو کوانی لەگەل میرمەحمەلی
کوا هـەماوەند و شـکاک و بۆتەکانی گەنجەلی
چەند کەسی تر هەن کەئەمرۆ نانی دەریۆزەی لەدەم





سەهەر ئەیوب



مەتین،موهەممەد،سەهەر،کارین،کۆسار،کەیوان



ئەستێرە سالحی



هاوین دەشتی



دیلمان خەلیل



مستەفا ئەیوب



لاوین دەشتی



زانا دەشتی



شەوگار و ڕۆژگار دەشتی

## ئێمە زارۆکی کوردین ئەحمەددەشتی

ئێــــمە زارۆکـــی کـــوردین
دڵــپاک و زۆر بێ گـــــەردین

کوردســـــتانمان خۆش دەوێ
ســــەربەخۆی کوردمان دەوێ

خونچەی هـــەواری کـــوردین
پێشـــمەرگەی سبەی هەردین

دەخـــــوێنین تا پێ بگەین
کوردســـتان وەپێش دەخەین

کوردیش دەبێ ئـــــازاد بێ
وەک گەلان ســـــەربەخۆبێ

بە زانســــــت و زانیاری
پێش دەخــــەین کوردەواری

کوردیش دەبی ڕەهــــــابێ
پەرچــــــەمی هەل دارا بێ

ئـــــالای ڕەنگینی خۆمان
هەل دەدەین لە گشــت جیهان

بە گیان و هەســـت و بیرمان
دەپارێزین نیشـــــــتمان

لە جیهــــان ناو دەردەکەین
کیشـــوەری کورد چی دەکەین

کێ هێرشــــــمان بۆ بێنێ
ســــەر لە گـــۆر ردەمێــنێ

زارۆکە ئازیزەکانم گەلەک شادین بەوەی کە وینەکانتان گەیشتن و بە خۆشحالیوە لە گەل خۆشەویستیمان و چاو ماج کردنی هەریەک لە ئیوەی ئازیز وا لە خالخال خۆتانمان بلاو کردەوە بە هیواین کە هەمیشە شادو تەمەن درێژ بن. خالخالۆکە



کارین ئارمان داليا ديلان



یادی 6ساڵەی لە دایکبونی کاکە کۆسار

## ئێمە کوردین ئەحمەددەشتی

ئێــمە زارۆکی کــوردین
ژیر و ئـــــازاو و مەردین
گولی جـــوانی بەهـــارین
ڕۆلەی ســـــبەی هەوارین
گولێن بۆ دەســتی یاران
دڕکین لە ڕێی نەیـــاران
کوردستانمانخۆش دەوێ
ســـەربەخۆییمان دەوێ
کێ دوژمن و نـــــۆکەرە
ڕقـمان لێیە و بــەد فەرە
دەڵێین بژی کوردســـتان
سەرکەوێڕێی سەربەستان
ئاڵایکوردمانهەڵ دەدەین
کوردستانوەسەر دەخەین
بەهەستی پاک و جوانمان
سەردەخەینکوردستانمان
پێشمەرگەی گەل وخاکین
پڕلە هەســـت و دڵپاکین
کە ڕزگار بوو کوردســـتان
دەیپارێزین بەدڵ و گیان
کوردستانوەپێشدەخەین
ناو لە جیهان دەردەکەین
ســـــەربەخۆیمان دەوێ
بە ئاشتی کوردسەرکەوێ



ديلمان و دلۆڤان



ســــــــرووش



ڕاژان خەلیل



کۆسار و ئارام



کارین هاجی بە یادی دووساڵ جەژنی لە دایک بوونی



کۆسار،هانا،رامان، لاوین



زانا دەشتی



هەردی جەهفەر

# وەرزی زستان

زارۆکە ئازیزەکان و کچ و کوڕانی

خۆشەویست وخونچە گولانی ئەمڕۆی باغی ژیان وڕۆلانی سبەی گەل و نیشتمانمان ، هەروەک لە ژمارەکانی پێشوودا گوتمان کە هەمو ساڵێک چوار وەرزی تێدایەو ئێمەش لە هەر وەرزێکی ساڵدا لە گەل خالخالۆکە بەیەک دەگەینەوە و بە بابەتی جیا جیا لە گەل یەکدا دەدوێین و خەمەکانمان لەم  ودووریەی کوردستانی ئازیزمان کەمێ کەم دەکەینەوەو ڕەنجی غەریبیمان بە خوێندنەوەی خاڵخالۆکە کەم دەکەینەوەو لە گەل یەکتر دەدوێین ، دیارە کە ژمارەی ئەمجارەمان لە وەرزی زستانە و وا ساڵی 2005 مالآوایی دەکا وساڵی 2006 هات، ساڵی تازەمان بەخێر بێت و زۆریشی نەماوە کە نەورۆزی کوردەواری بە هاتنی بەهاری ڕەنگین و جوانمان بێتەوەو ئێمەش لەو بەهارە دلگیرو جوانەماندا لە گەل خالخالۆکە بەیەک دەگەینەوەو ئێوەی ئازیزیش تەمەنێکی تازەو نوێ بەرنە سەروخالخالۆکە بە هیوایە کە سالی زاینی و  نەورۆزی ئەمساڵمان ژیانێکیتازەمان لە گەل خزم و کەسان و خاکی زێرینی کوردستانمانپێبدات و هەموومان بە دلێ شادو پڕ لە خەندان لە کوردستانی ئازادو سەربەخۆ دا بژین ،  لە ساڵانی ڕابوردوش گەلێ شتیتازەو نوو فێربوو بین و گەلێ زانیاری و زانستمان وەرگرتبێو هەرچی کە شتی باشەو دەشێ کە خزمەتی کوردستانی خۆمانی پێ بکەین وەرمان گرتبێ ، هەموو لە هەموو بگەڕێنەوە کوردستانی ئازادو سەربەخۆ و لەوێندەرێ خزمەت بە خاکی کوردستان و گەلی کورد بکەین، خۆ لەمێژە وا ڕەنجی دووری و غوربەت ڕووی تێ کردوین و هەتا ئەمڕۆکەش بەرۆکی بەرنەداوین و هەر بەهیواو چاوەڕوانی ڕزگاری و سەبەخۆیی گەل و نیشتمانی خۆمانین ، ئافەرین بۆ هەموو ئەو ڕۆلانەی کە تەمەنی ژیانیان لە غوربەت و دووریدا بە فیڕۆ نەداو توانیان کە کاری بکەن بە زانست و زانیاری زیاتر ئاشنا ببن و سبەینێ کە دەگەڕینەوە کوردستان لەوێندەرێ وەک ڕۆلەیەکی دلسۆزو پێشمەرگەی گەل و نیشتمانیان هەموو شتە باشەکانی ئەم وەڵاتانەی پیشکەوتووی جیهانیان لە ڕووی تەکنیک و تەکنەلۆژیایان وەر گرتبێ و لەکوردستانی خۆمان پیادەی بکەن و خزمەت گوزاری کوردو کوردستان بن. خاخالۆكي

## زســـــتان        ئەحمەد دەشتی

وەرزی زســـــتانـیش سێ مانگ لە ســالە
بەفــــــرو بوران و هــــــــــەورو گەواڵە
بەفران بار مانگی یەکی زســــــــــتانە
کاکی ڕەوەندم دوورە  کوێســـــــــــتانە
هەوا سارد دەبێ و مەلان کـــۆچ دەکەن
دەڕۆن بۆ گەرمێن زۆزان چـــۆل دەکەن
ئاژەلی کێـــــــــوی و هیرس و بالنـدە
دەچنەوە ناو کـــون چونکە  زۆر ســەردە
ورچ لە کون دا هـــەتا بەهــــــــــارێ
دەنـــــــوێ و لە وێ دا  نایێــتە دەرێ
کێندەر  چیایە و ســــــــــەر ترۆپکانە
تەژی لە بەفــــــــرەو ئـــای کە جوانە
کاکی جـــــوتـــــیارم  وا لە ناو دێیە
تا بەهـــــــار دێتن جـــــاوی لە ڕێیە
شـــــــەوچەرەی مال و گشت دیوەخانان
داســــــــتانیان باوە لە گەل زســـتانان
وا مامە جەژنیم بلـــــــــــــوێر دەژەنی
بە شـــــــــادی شومشال لاو ڕا دەچەنی
دەنگو ئاوازی حەســــــــــــەن حەیرانم
وا دێ لە کۆر و بەر ئاگـــــــــــــردانم
وا دەلێن ئەمشەو شــــــــــەوی یەلدایە
لە بەر ئاگـــــــــــردان  بەزم و هەرایە
هاکا زســـــــــــتانیش لامان باری کرد
نەورۆزی شـــــــادی ڕووی لە یاران کرد
سا دەبڕیتەوە ســـــــــــەرماو سۆلی ساڵ
ســـــــــەوز دەبتەوە چیاو دەشت و پاڵ
زســـــــــتان دەڕوات وبەهار لە دوایە
کاری ســـــــــــــروشتەو ژیان ئاوایە
شـــــــــــادە  هەرکەسی سەربەرز ژیا
ئـــــــــــازادو ڕەها هـــــــەرگیز نەگریا
زستانی   تاراوگە   2006

# پەندی ژیان

هەروەک لە ژمارەکانی پێسووش داچەند هۆزانێکمان لە پەرتوکی پەندی ژیان لە هۆنراوە و نوسینی ئەحمەد دەشتی پێشکەش کردن، وا ئەمجارەش لە ئەم بەشەدا لە پەندی ژیان بەیەک دەگەینەوە کە لژمارەی‌ڕابوردوداتائێمەرەمان بڵاو کردووە کە دەڵێت ( ئەوکارە بکەن سەربڵندی دێنێ مەبنە هاوڕێی کەس ڕیسوایی بێنێ

ئەو کارە بکەن ســـــەربلندی دێنێ
مەبنەهاوڕێی کەس ڕیسوایی بێنێ

بمرن بۆ ئەوەی دڵســــۆزەبۆتان
دۆستیکەســـــتانبن پرۆزە ڕێتان
دۆستدەبێ لەڕێی دۆستیخۆی بمرێ
ئەوکەسەدۆستە بۆ وەی پێ بکرێ

کارێ نکـــارن قەت بۆ خۆی مێنن
بە پەتی خـــــەلک خۆ مەخنکێنن

قەت دوودل مەبن لەکینەی زۆر دار
هەر ســــــتەمکارە زۆرداری غـــەدار

بەخەندەی زۆردارقەت باوەڕمەکەن
نەفرین لە هەمـــــوو بکوژێ بکەن

لەجێگەی چقل سزای گـول مەدەن
مەقرتێنن گول جــــوانی لا مەدەن

چۆنتان پێ خۆشـە کەڕێزتان بگرن
هـەر ئاواش ڕێزی هەمووکەس بگرن

گەر لۆمەی کەسێ دەکەن لە کارێ
گەر گوێی نەداتێ پێی مەلێنجارێ

بە پیشتوانی کەس خـــراپە مەکەن
پشتبەستی خراپەهەرنەفرین بکەن

ئەوانەی خواردن دەخۆن لە مشــە
بزانن کەوا گیـــــانیان بە غەشە

قەت ئاورلەگیان خۆتان بەرمـەدەن
بەدەستیخۆتانژینلەدەستمەدەن

مەبنە ئاگری بن کالە ڕاسـت کەس
خێرخوایی بکەن لەبـۆهەموو کەس

جیـــــاوازی مەکەن لە نێو نێرو مێ
هەردو وەکو یەک ژیانـــــیان دەوێ

هەرچی مرۆڤە یەکســـــانە لە ژین
هەموش وەک یەکنین لەباوەڕودین

مەسێنن پشــــــووی ئازادی ژیـــان
مەچەوسێننەوەهیچ کەس لەجیهان

کەسێ نازانێ ســــبەی چۆن دەبێ
پیشهات بەددەبێ یاخۆچاک دەبێ

هەولی چاکەدەن بۆ ســــبەی ژیان
توورڕدەن خراپە با نەیێ گـــــریان

هەردەمگەشبینبن،قەترەشبین مەبن
هەرگیز بێ هیـــواو بێ باوەڕ مەبن

تاوان بە چاکە هەرگیز مەژمـــێرن
نەفرین بۆ خراپە هردەم بنێـــــرن

لەو ســــــاوەی جیهان ئافەریدەیە
چــــــاکەو خراپە دوو پەدیــــدەیە

کێ کەچاکەی کرد سـەربەرز ژیاوە
خراپەکاریش نــــــەفـــــرین کـــراوە

قەت کارێ مەکەن دژبە قەومی خۆ
شاد مەکەن هەرگیز نەیـــارانی خۆ

خاوەن ڕەوشتی بەرزی مەردان بن
دور لە هاکاری نــــــزمی ژیان بن

ڕەوش و عــــادەتی میللی و بمینێ
چەواشە مەبن لـە هەموو شــــوێنێ

لەنێوان‌دووکەس ئاورخۆش مەکەن
هەتا دەتوانن هەر ئاشـــــتی بکەن

مالان گەڕیدەو ســــــــەرەڕۆ مەبن
هەلبـــــازو دوو ڕوو و پڕ درۆ مەبن

سەروی هیچ ئاوێ قەت شێلوومەکەن
مـالی هیچ کسێ قەت خاپوور مەکەن

لەژیانتان هـەرگیز مەکـەن زۆرداری
بەرتیلیش مەبەن قەت بۆ دیاری

هەلی چاک لە خـــۆ دوور مەکەنەوە
کە هەلێ چاک بوو چاک بیقۆزنەوە

شـاش مەبن هەردەم بە بیرو باوەڕ
راست بن هەمیشـە کە دەبنە داوەر

لەماکەرپشت وسینگ شێران‌دوربن
زل قــــەدو پفەل بێ هــونەر مەبن

سنگ هەلمەکێشن هەرگیز بە فشە
هەرچی وانەبوو مەلێن لە مشـــــە

هەرکارێکتان کــــرد تەواوی بکەن
بە نێــــوە چلی هیچ کارێ مەکەن

لە هەلە کردن مەچوونە ســــــەردار
گەر هەلەتان کرد دان بنێـن بە زار

مەتاشن سەرتان هەرگیز بێ دەلاک
پرس و ڕا بکەن لە زۆرزان و چـاک

رزگـــاری هەردەم لە ڕاسـتی دایە
ناڕاســـتی و چەوتی گەلێ  بەلایە

وادەو پەیمانان بە درۆ مەبەســـتن
کەپەیمانتان بەستبیکەنمەوەستن

دلسۆزی خاکوپێشمەرگەی هۆز بن
مەتین و ئـــازاو خاوەن بـــاوەڕ بن

مەبنە پیـاوی کەس خاوەنیخۆ بن
چلکن و پیس و دەغەلیش مەبـــن

هەردەم ڕاسـتگۆبن،دل پڕباوەڕ بن
قەتڕەشبین مەبنهەردەم گەشبئنبن

هەرکارێ هەلەلەدەسـتتان دەرچوو
بیکەنە پەندو تەرکی کەن هـەرزوو

قەت مەلێن قسەی ناپەسەند بەکەس
چاکەی یەکتری بلێنلایهەرکەهەس

قوربانی بیر و باوەڕی ڕاســـت بن
چەوت وچـەوێل و حیـلەباز مەبن

لە ڕابوردووی تال پەنـدان وەرگرن
هەرگیز لایەنی خــــەراپە مەگرن

مەبن  بەهاوڕێی پەست وبەدکاران
مەچنەسەر سفرەی پیس و نەیاران

کەم دووسەنگینبن هەردەم بێ وچان
گوفتتانجێ نەگرێقەت مەکەن قسان

مەڕواننە هیچ کەس بەچاوێکی سـوک
هەمیشەبگرن ڕێزی گەورەو چووک
ژیـان هـــــاوکاری و کار و نیـــازە
گەلێ شت فەرزەشاییوشـین قەرزە

هیچ کارێ مەکەن بۆ خیانەت بازی

ئاسن بە ژەنگی خۆی نەبێ ناڕازی

گەر لەشەڕ نەبوون شیرتان تیژ نەبێ
قســــەو پڕفدار و سەرەو لێژ نەبێ

گوێ مەخەفێـــنن بۆ پەیڤـی ڕەوا
قسـەو ڕاست بێتن کار چێتر دەڕوا

قـــەت ئاگر مەنێن بەهـیچ پوارەوە
خوێنێ مەڕێـــژن لە هیـــچ بوارەوە

مەبنە هۆکاری خوێن ڕشتن و شەڕ
مەبنە هـــــاودەمی کەسانی بەدفەڕ

گەورە قەدری خۆی هەربەخۆ وەیە
هەر بەرزە ئەوەی دلی گـــــەورەیە

هەرشـــــــتێک و دی کە نیوە پڕبوو
بلێن نیو پڕە نەک نیو بە تـال بوو

هەمیشە لە بەر خـــــاتری خـاتران
قەت وەرمەگەڕێن وەکو  کافــــران

باوەڕی پاک وڕاست لەدەست مەدەن
نەکەن بۆکەسێ خۆلەدەست بدەن

ڕەوشتی پاک و کـــــردەوەی بەرز
بکەن بەهـــاکارهـــەروەکو فەرز

باشترەلەژێر سـایەی شێر بوخرێن
نەک لە ژێر سایەی نامەردا بـژیێن

گەرهاتیشتان بووقەتمەلێن هەی هەی
گەرنەهاتیش بوهیچ مەلێن وەی وەی

لە دوای هەر شتێ کە چووە مەڕۆن
بۆ ئەوەی نەچوە هـــەولدەن بـڕۆن

قەتشلوێ مەکەن ئاولەهیچ چاوگە
وا مەکەن ببنە دڕکی ڕێ  و بازگە

دەســـــــتێ نـاتوانن کەوا ببڕن
لێی گەڕێن هەتا دەسـتتان نەبڕن

بێگاری بکەن نەوەک بێ کــــاربن
هەردەم پڕ هیــواو ڕۆلەی بێدار بن

قەت بە مــەرحەبا مەچنە بن عەبا
هوشیاربن زۆرهەن لە خشتەو دەبا

لەقسـەی دایک وباو مەچۆنە دەرێ
باش بگرن ڕێزی هەموو سەروەرێ

حورمەتی پیرەک هەمیشــــە بگرن
بشـــزانن ژنان گەلێک پڕ  مەکرن

بە کەوچکێ ئـــاو مەکـەونە مەلە
تێ فیکـــــرن  نەوەک زیانی دلـە

قەت لە ژێر سـایەی بێگانە مەژین
ســـێبەری بیانی پڕیەتی لە برین

ئامۆژگاری چاک لەگوێیـــان بگرن
قسەی پڕو پوچ لەمێشکان مەگرن

کێ کەوا جـــارێ درۆیەک بکـات
بۆی بلوێ ئەوا لەخشـــتەو دەبات

هەر چەند بە تواناولایەق بە کاربن
خۆ هەلمەکێشن بەفشە فش مەبن

دزی وجەردەیی ونۆکـەری وبەردە
کاری نەزانە و پیشـــــەی نامەردە

لەسەر حیسابی هیچ کەسێ مەژین
بۆ خۆتان مەردبن ســەربەرز بژین
درێژەی هەیە لە ژمارەکانی ئایەندە
گەر خوا تەمەن بدات  خوا تەمەن
بدات  .

# فۆلکلۆر: یاری کوردی

هەروەک لە ژمارەکانی پێشو دا گوتمان لە هەر ژمارەیەکی خالخالۆکە لە گەل ئێوەی ئازیز دا لە بابەتی فۆلکلۆر بە برک دەگەینەوە و لە هەر ژمارەیەک باسی یاریەکی فۆلکلۆری کوردیتان بۆ دەکەین بە تایبەت ئەو یاریە فۆلکلۆریانەی کە لە دەشتی هەولێری دێرین باون،یاری ئەمجارەمان کە باسیٚ لێوە دەکەین یاری حێللانیٚ یە ، کە ئەم یاریە تایبەتە بە کچان ، بەڵی کۆمەلیٚ لە کیژۆران و دەستە خوشکان کۆ دبنەوەوە و بە یەکەوە یاری دەکەن ، ئەوان کچانە بە شێوەیەکی بازنەیی دەست لە ملَی یەکتر دەکەن و خۆ هەلداوێنی دەسورینەوەوە یەکێک لە کچانە و گۆراني تايبەت بەم یاریە کە ناوی گۆرانی حێللانێە دەچرپت و ئهوانی تریشهەمویان بە یەکەوە دەیگێرنەوە و بە ئاوازی تایبەتی خۆیانەوە لە دوای هەر بەندی لەم گۆرانیە بە تێکرایی دەڵێن حێللانی.بەڵی لە کوردستان دا گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان فۆلکلۆری تایبەت بە خودی خۆیەوە هەیە،جێگەی داخە کە گەلێک لە گۆرانی و داستان و کەلتوری کوردەواری بە هۆی نەبوونی قەوارەیەکی گەلی کورد واتە نەبوونی وەلاتێکی سەر بەخۆی کوردستان ، هەروەک کە چەوسێندرابنەوە ئاواش گەلێک لە کەلەپوری‌نەتەوایەتیمان‌لیٚ ون‌کراوەو گەلێکشیان لیٚ دزیون،دەبیٚ رۆژیٚ ئێمەی کوردیش ببین بە خاوەن کوردستانێکی سەربەخۆ و لە ناو جیهان دا کوردیش ئالای خۆی هەڵ بدات و ناوی کوردو کوردستان بەرز ببێتەوەو ئەوسا خزمەت بە هەموو کەلەپورێکی نەتەوایەتیمان دەکەین و زیندوویان دکەینەوە . ئەمەش گۆرانی حێللانێیە:

کە لە کاتی یاری کردنی حێللانیٚ کچان کۆ دەبنەوە و ئەم گۆرانیە دەچرن و دەڵێن :

هە چەرمە چەرمە چەرمە حیڵلانیٚ
حەز لە بوکی خۆ شەرمە حێللانی
بووکم دیت حەلاّم دیت حێللانیٚ
لە گەل وسووە لارم دیت حێللانیٚ
وسووە لاری دوو گردی حێللانیٚ
چەندم هێناو دەبردی حێللانیٚ
لە برای خۆم مارە کردی حێللانیٚ
مارە مارە هەر بەرزی حێللانیٚ
دەست بە سنجاق و دەرزی حێللانیٚ
سنجاقی تۆم زێرینە حێللانیٚ
لە مارانم گێرینە حێللانیٚ
بەم دوو برۆیە چی دکەی حێللانیٚ
ماری مێردت پی دەکەی حێللانی
ماری مێردت خەرابیٚ حێللانیٚ
دەرکۆرەی پێوە درا بیٚ حێللانیٚ
دەرکۆرەی بە زەنجیرە حێللانیٚ
تێیدایە شیخ و پیرە حێللانی
شێخ و میر و عەلی بەگ حێللانی
هاتن بە سواری چەلەنگ حێللانیٚ

*

بەڵی ئا بەم شیوەوە تا ماندوودەبن کۆمەلیٚ لە کچان کۆ دبنەوەو ئاوا ئەم یاریە شیرین و جوانە بە دلَیکی پاک و بیٚ گەردو پر لە خۆشەویستی یەکتری ئەنجام دەدەن ،ئەگەر مەیلیان لە سەر بێتەوە ئەوا دیسانەکە هەمان یاری ئەنجام دەدەنەوە و یا خود یاریەکیٚ تر کە ئەویش هەر پەیوەندی بە کچانەوە هەیە ئەنجامی دەدەن و ماویەکی پر لە شادی و خۆشی بەیەکەوە دەبەنە سەر گەلی جاران تا درەنگی ئێواران بەم یاریانە خۆش دەگوزەرێنن.

یارِ حووحایانێش کە یەکێکە لە یارِی کچانەو فۆلکلۆرە لە ژمارەی داهاتوو دا باسی ئەو یاریەتان بۆ دکەین ئەگەر خوا تەمەن بدات و هەر بژین بە شادی . خالخالۆکە

# ئاژەلانی پەیڤگۆ



**شیعرو نوسینی**
**ئەحمەد دەشتی**
2001

وا ئەمجارەش لە گەل ئاژەلانی پەیڤگۆ دا بە یەک گەیشتینەوە گوتمانکەلەهەرژمارەیەکیخالخالۆکەدا پەیڤێکتان پێشکەش دەکەین کە لە پەرتوکی ئاژەلانی ۆەیڤگۆدا لە نوسینی ئەحمەد دەشتی وەرمان گرتووە و هەر جارە باسی ئاژەلێکتان بۆ دکین کە ئەم پەرتووکە بە شێوەی هۆزان نوسراوەو بریتیە لە پەیڤی ئاژەلان ، کە ئەمەش پەرتوکخانەی ئەنتەر نێت دا لە زایتی کلاو رۆژنە بە تەواوی بڵاو کراوەتەوە، کە بە داخەوە بە چاپ نە گەیشتووە،ئەمەشبە هۆی ئەوکەسانەیکە نا دڵسۆزانە رێگا لە گەلێ کاری باش دەگرن و هیچ رێزیک بۆ ماندوو بوون و خزمەت کردنی خەلک دا نانێن کە لیرەدا نامەوێ ناویان بلّیم بەلاّم لە داهاتوو دا بە چەند وتارێک لە بارەی ئەو کەسانەوە کە هۆکاری جاپ نەکردنی کێبەکانن باسیان دەکەم ..وا ئەمجارەش لیرەدا لە گەل هۆزانێک لە پەیڤی ئاژاەلاندا بە یەک دەگەینەوە و بە هیواین کە تا دوا هۆزانی ئەم پەرتوکە لە هەر ژمارەیەک هۆزانیک بلاو بکەینەوە، وا ئەمجارە باسی هیترس دکەین کە ئەم ئاژەلەکیویەلە کوردستانیس دا زۆرە . چەند هۆزان و

# ورچ

من ورچی تـــەن و مەندم
لە کیـــوان و دەربـــەنـدم



من شادم لە کۆســــــاران
کە دێ وەرزی بەهـــــاران
هەنگوینی شـیرین دەخـۆم
بەدەســـت دێنم ژینی خۆم
کەبەفر هات زســــتانان
دەژیم لە کـون و بن بانـان
لە کیوی قـــەندیل شـــادم
دوور نـــەیاربم ئـــازادم
من دەزۆم ســـاڵی یەکجار
بێچـــوو دێنـــم لە بەهـــار
لەمەمکی من شـــیردەخۆن
تاگـــــەورەدەبن ودەڕۆن
من ورچـــــم زۆر وریامـە
ئەوەی دۆســـــــتە برامە
هەر گیز من شەر فرۆش نیم
لێمگەڕێن دوژمن کەس نیم
لە چۆل و چیـــاو هـەردان
دەژیم دژ بە نامـــــەردان
*

# بۆپیکەنین



2005

## کۆکەرەوەو وەرگێڕ

**ئەحمەد دەشتی**

**هێشتان بە چاپ نەگەیشتوە**

لەمێژ بوو خەریکی کۆ کردنەوەی نکتە و قسە خۆشەکانی یاران بووم کە لە کۆڕو مەجلســـــان دا بۆ یەکتر و خەندەی ســــەر لێوان دەگێڕدرانەوە هەمیشە یاداشتم دەکردن،هەر لە ساڵی 1970 را دەستم بەم کارە کرد و گەلێ نکتەی خۆش و پڕ لە خەندەم کۆکردنەوەونوسیومنەوە .بەڵام داخەکەم بە هۆی دەربەدەریم و کە چومەئێران و ئەوروپا لە ئێران بەجیم هێشتین و دام بە خزمێک هەلیان بگرێت،بەڵام دوای ئەوەی کە خزمەکەمان وەفاتی کرد لە گەل هەندی کتێبی چیرۆکی مندالان کە لە فارسیوە وەرم گیرابوون لێم گوم بوون و فەوتان ، کە هاتمە ئەو روپا دیسان هەولم دا کە دستیان پێ بکەمەوەو کۆیان بکەمەوە بەڵام گەلێ لەو نوکتانە نایەنەوە خەیال و بیرم چوون ، ڕۆژێک پەرتوکێکی فارسیم لای خوناو خانی کچم بینی و دوای خوێـــندنەوەی ئەوکتـــێبە وابوو کە لێم وەرگرت و دەستم کرد بە گۆڕینیان بۆسەر زمانی کوردی کە بە هیوایَن لە هەر ژمارەیەکی خالخالۆکە چەند نکتەیەکتان پێشکەش بکەین سا ئێوە و ئەم چەند نکتانەی خوارەوە :

## قازی یەکپا

مەلا مەشور ڕۆژێ  قازێکی ئامادە کردو کردی بە جێشت ولێینا،هەر ئاوا بە کولاوی بۆ دادوەرەکەی شارەکەی خۆی برد، مەلا لەرێگە زۆری برسی دەبێت و ڕانێکی لە گۆشتی قازەکە دەر دێنێ وەدەیخوات و گۆشتەکەی تری قازەکەش بۆ حاکم دەبات.حاکم لە کاتێک دا قازەکەی بە یەک پاوە دیت گوتی: باشە پایەکەی تری ئەم ئاژەلە لە کوێیە ؟ مەلاش گوتی قوربان لە شارەکەی ئێمە هەموو قازێک یەک پێی هەیە،ئەگەر باوەڕیش ناکەیت فەرموو بنوارە ئەو قازانەی لە کەنار حەوزەکەی مالی خۆتانەوە وەستاون هەمویان یەک پان، حاکمیش لەو کاتەدا هاتە لای پەنجەرەکەی مالەکەی خۆیان وسەیری دەورو بەری حەوزی ئاوەکەی کرد بینی کە هەموو قازەکان لە یەک پێ زیاتریان نیە،لەو کاتە دا قازەوانەکان بە خۆیان و گۆپالەکانیانەوە قازەکانیان بەرەو مال دەبردەوە، کە قازەکانیان دەنگ دا هەموویان لە سەر دوپا دەرۆیشتن،حاکم گوتی مەلا وەرە دەزانی تۆ درۆت لە گەل من دا کردوە،مەلاش کەمێ سەیری دەرەوەی کردو کەمێ بیری کردەوە و گوتی:قوربان ئەو گۆپالەی کە بە دەستی قازەوانەکانەوەیە ئەگەر پێ لە تۆش بدەن لە جیاتی دووپا بە چوار پاوە رادەکەی.

## مەلاو پزیشک

ڕۆژێکیان مەلا مەشور نەخۆش دەکەوێت، ژنەکەی مەلا دەچێت دکتۆرێکی بۆ دێنێت کە تازە لە فەرەنسادا گەڕا بۆوە ، دکتۆرەکە هیچ لە زمانی تورکی حالی نەدەبوو ، دکتۆرەکە چووە سەر سەری مەلا ، ئەو دکتۆرە تەنیا وشەی ماشائەللاو ئینشائەللا فێر ببوو.مەلا لە دکتۆری پرسی ئاخۆ نەخۆشیەکەی من زۆر سەختە؟ دکتۆرەکەش  لە وەرام دا گوتی: ماشائەللا ماشائەللا،مەلا دیسان لە دکتۆرەکەی پرسیەوە گوتی دکتۆر گیان ئەم نەخۆشیەی من دەمکوژێت؟دکتۆریش گوتی ئینشائەللا ئینشائەللا.

## جەنگ و مەلامەشور

شەوێک مەلا مەشور پێش ئەوەی کە بچێ بنوێت هەستا ئەو شومشێرەی کە بە دیواری ژووری نوستنەکەیەوە هەلواسرابوو،لە خۆی بەستا و ئەوسا بەرەو نوستن چوو لەوکاتەدا  ژنەکەی لە مەلای پرسی و گوتی:ئەرێ مەلا ئەوە تۆ بۆ دەچی دەنویت و ئاوا  شومشێریشت لە خۆ بەستاوە ؟ مەلا لە وەرامدا گوتی: خانم گیان لە بەر ئەوەی کەدوێنێ شەوێ لە خەومدا لە گەل کابرایەک بەشەڕ دەهاتم ئەو کابرایە شومشێری پێ بوو کەچی منیش هیچم پێ نەبوو بۆیەکە لەو شەڕە شکەستم خوارد ئەو سەرکەوت ، جا ئێستا دەمەوێ ئیمشەو ئەو کابرایە لە خەو ببینمەوەو تا کو بەم شومشیرە تۆلەی خۆمی لێ بکەمەوە،ئەوسا  ژنەکەی مەلا گوتی: مەلاگیان زۆر وریای خۆت بەو ئاگات لەم شومشیرە بێت لە دەستی نەدەی چونکە ئەمە تەنیا یادگاری باوکمە بۆم بەجێ ماوە!!!!!.  تاژمارەی ئایەندە

# بەیادی ئەوسەروەرەی کە هەرگیز لە یادمان ناچێتەوە



پێم وایە کە گەورەترین ڕەوشتی چاک بۆ هەر مرۆڤێک وەفاو دڵسۆزیە بۆ سەرکردەو هەڤال و ئەوانەی کە گەلێکیان خزمەت بە کوردو کوردستان کردوە،هەژاری نەمر گەلێ جاران دەیفەرموو ئەوانەی کە وەفایان بۆ دوێنێ گەورەمەردان و هەڤال و دڵسۆزان نیە هەرگیز وەفای بۆ سبەی گەل و نیشتمانیان نابێت ،بەڵی هەژا گەلی ڕاستی دەفەرموو کە خۆشی تا ئەو ڕۆژەی سەری نایەوە هەرگیز مرۆڤێکی بێ وەفاو بێ ئەمەک نەبوو بەرامبەر بە بارزانی نەمر و کوردستانی خۆی ن.

ئەمڕۆ کە منیش دەستم بە خالخلۆکەی ژمارە 17 کرد ڕۆژی وەفاتی ڕابەرو هەڤال و پێشمەرگەی کوردو کوردستان کاکە ئیدریس بارزانی نەمرو جوانە مەرگە یادی 19 سال بە سەر ڕۆژی وەفاتی کاکە ئیدریسی نەمرو جوانەمەرگ دا تێ دەپەڕیت کە ڕۆژێکی پڕ لە پەژارو جەفا بوو و هەموو پێشمەرگە و دڵسۆزێکی کورد و کوردستان بە هەوالی وەفاتی کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ کە لە ڕۆژی 31.1.1987 دا ئەو گەورە مەردە ڕابەرە وەفاتی کرد و دڵی هەموو کورێکی وەفادار بە ڕێبازی بارزانی و دڵسۆز بە کوردستان و نەتەوەی کوردی تەزاندو لە هەندەران خەم و ئازارو پەژارەیەکی زۆر کەوتە ناو دڵمانەوە کە بۆ هەتایە لە یاد ناچێتەوە، سا یادی ئەو ڕابەرە مەزن و جوانە مەرگەمان کاکە ئیدریس بارزانی نەمر ئەو گەورە مەردەی کە هەردەم لە ناو دڵ و دەرونمان دایە دەکەینەوەو بۆ هەتا هەتایە هەر بە زیندوویی دەمێنتەوەو قەت نامرێت کاکە ئیدریس بارزانی کە ڕۆلەی سەروەرو شامیر و مەزن و سەرکردەی کوردو کوردستان مستەفا بارانی نەمرە، هەڤالێکیپێشمەرگەودڵسۆزو وەفاداری ڕێگەی ،لاپەرە15

سەرکەوتن و بەختەوەریەکانی کوردو کوردستان بوو، رابەرێکی وریا و زیرەک و دوژمن ناس و دوور بین و بە وەفا بوو لە گەل دۆست و یاران و هەڤالانی دا ، رابەرێکی بلیمەت و لێ هاتوو وکارامە و نەترس و ئازا و دلێر بوو ، کاک ئیدریس بارازانی ورە بەرزو گەس بین بوو بەرامبەر بە ئایەندەی کوردو کوردستان و باوەڕی پتەوی بە سەرکەوتنی گەلی کورد بە سەر داگیرکەرانی کوردستانەوە هەبوو لە هیچ کاتێک دا بە تایبەت لە سەردەمی کارەساتە مەزنەکەی 1975دا کە دوژمانی داگیرکەرو درندە خەنجەرێکی ژەهراویان لە پشتەوە ڕا لە شۆڕسی ئەیلولی مەزن دا هەمیشە دەیفەرموو راستە کارەساتێکی مەزنمان بە سەر هاتووە بەلاَم ئەمە باش بزانن کە گەلێ کورد هەرگیز لە ناو ناچیت و هاکا شۆرشی کورد سەری هەل دایەوە و دیسانەکە رۆلە قارەمانەکانی پێشمەرگەی کوردستان چونەوە مەیدان و دوژمنان لە ناو بەرن ، ئەو لە دوای کارەساتە شومەکەی ئەلجەزیرە هەردەم ورە بەرزو پڕ لە هیواو ئاوات بوو کە دەیفەموو لە دوای هەموو ناخۆشیەک شادیەک هەیە و هەر چەند کە ئەمڕۆ ئێمە توشمان بە کارەسات بووە بەلاَم ئەوەی چاک بزانن کە هاکا رۆژی هاتەوە سەربەرزانە گەڕاینەوە کوردستان و ئێمەی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان بە کوردستانێکی سەربەخۆ شاد ببینەوە و سەربەرزانە بگەڕێینەوە کوردستانمان و دەبێ هەمیشە گیانی یەکتر گرتنمان پتەو بکەین و دژ بە هەموو هەستێکی دووبەرەکێ بین و هەولَی داگیرکەرانی کوردستان و هەموو دوژمنێکی کورد پوچ بکەینەوە ، ئەو دەمانەی کە ئاوارە بووین گەلێ جاران بە خزمەتی دەگەیشتم و هەمیشە دلَی دەداینەوە و ورەی بەرزتر دەکردینەوە، وەک رابەیێکی بە وەفا لە گەل ئاوارەکان هەمیشە یارمەتی دەداین و ئەوەی کە لە دەستی هاتبیە لە دوور وەلاَتەوە هەرگیز کەم تەرخەمی نە دەکرد و لە یارانی خۆی کە ئاوارە بوون زۆر دلَسۆزانە لێی دەپێچانەوەو لە یادی نەدەکردن بە دەها جار یارمەتی مادی دەداین و دەیفەرموو ئەگەر دەزانن کە لە ئاوارەیی دا یەکێک پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی هەیە دەبێ پێم بلَێن تا یارمەتی بدەین ، بەلاَم داخی گرانم کە مەرگ مۆلەتی ئەو سەروەرە و قارەمانەی نەدا و زۆر بە زوویی مالاَوایی لێ کردین،ئەم هەلە مەزنەی کە ئەمڕۆ بۆ کورد لە سایەی خەبات و تێکۆسانی ئەو گەورە مەردانە و قوربانی دانی هەزاران هەزار شەهیدان و خەباتی دوورو درێژی بارزانی نەمر بۆ گەلی کوردهەلکەوتووە نەیان بینی و بە ئاوات نەگەیشتن ،کە ئەمڕۆ لە مەیدانی بەرەو سەرکەوتنەکانی ترو ڕزگار بوونی هەمیشەیی کوردستانمان بڕۆین و وەک هەموو ئەو رابەرو کەسایەتی و دلَسۆزانەی کە ماون و تا ئەمڕۆ لە هەول و تێکۆشان نەوەستاون لە ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستان بەرەو پێشەوە دەڕۆن، داخەکەم کە کاکە ئیدریسی نەمرو دلَسۆز و وەفاداری ڕێبازی بارزانی نەمر مالاَوایی کردو گیانی پاکی بەخشی بە کوردو کوردستان.لیرەدا دەمەوێ بیرەوەریەک بگێڕمەوە کە ڕۆژێکیان لە هەندەران لە مازەندەرانەوە لە سەر داوای کاکە ئیدریس بارزانی چومە کەرەج و چاوم بەو رابەرە دلَسۆز و قارەمانە کەوت تا لە سەر داوای جەنابی بچمەوە کوردستان و پەیوەندی بە شۆرشی گولانەوە بکەم ، منیش چوومە کەرەچ و ئەو شەوە مێوانی سەرکردەی هەردەم لە یاد و برای گەورەو ئازیزم کاکە فەرەنسۆ هەریری بووم کە سالَی 1977بوو ، وا بوو شەو چوینە خزمەت کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و گەلێکی بە خێر هاتن کردین و یەک بەیەک لە هەموو ئەو هەڤالانەی کە لە مازەندەران بەیەکەوە بویین وەک مەلا عومەر بارزانی نەمرو هێژا ڕەمەزان عیسا و مەلا سلێمان و دکتۆر موحەممە سالح و حەمە سورو مامۆستا فوئاد حەمەلاوو مەلا حەمەدەمین و مامۆستا نەجات و کاک سەباح ئاکرەیی و گەلێکی تر لە مازەندارن بووین ،ئەوا کاکە ئیدریس بارزانی یەک بە یەک ناوی دەهێنان و هەوالَی دەپرسین و لە وەزع و

گوزەرانی ئەو خەڵکەی دەپرسیەوە،وەک ڕابەرێکی بەوەفا لە گەل هەڤالان و ئاوارەکان دا لە چۆنیەتی ژیان و گوزەران و ڕەفتاری ڕژێمی ئێرانی شاهەنشاهی زۆر بە بە وردی و پەرۆشەوە دەپرسی و منیش وەرامەکانم دەدایەوە و، کاکە فەرەنسۆی نەمر پاشان لە دوای کاک ئیدریس هاتە قسان و رووی لە من کردو فەرمووی هەرگیز خۆتان بێ هیوا مەکەن ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە، گەلێ قسەی تری کردن،ئەوسا کاکە ئیدرتس فەرمووی بەڵێ هاکا بە سەربەرزی گەراینەوە کوردستان و گەلی کورد بە ئاواتەکانی خۆیان بگەن و دوژمنانی کورد شکەست بخۆن ، فەرمووی فەرەنسۆ راست دەکات کە هەمیشە دەڵێت رۆژان ڕۆژی لە دوایە،ئەوا دەبینین کە سالێک بە سەر کارەساتە مەزنەکەی شۆڕشی ئەیلول تێ نەپەڕیوە وا شۆڕشی گولانی سەربەرز سەری هەلداوەتەوەو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان وان لە ناو چیا سەرکەشەکانی نیشتمان دا تەنگیان بە دوژمنان هەڵچنیتەوە،دەیفەرموو دوژمنانی کورد هەر چەند پیلان بگێرن بەلاَم هەرگیز نکارن کە کورد لە ناو بەرن،سەرکەوتن هەر بۆ کوردو کوردستانە و گەلێ ئامۆژگاری منی کردو گوتی ئەوا دەچنەوە کوردستان تەنیا پێشمەرگەی ڕاستی کوردایەتی بن و هەول بدەن کە دەنگی کوردستان بەهێزترو لە بارترو چاکتر بکەن و گیانی خۆشەویستی و یەکگرتن لە ناو گەلی کورد بلاَو بکەنەوە چونکە سەرکەوتن تەنیا لە یەکگرتن دایە و نابێت دلّی داگیرکەرانی کوردستان بە گیانی دووبەرەکێ و ڕقبەرکی شاد بکەن،فەرمووی ڕێبازی بارزانی ڕێبازی یەکگرتنی گەلی کوردە نەک دووبەرەکێ.

من کە بڕیارم دابوو لە سەر داوای ئەو سەرکردە نەمرەمان بگەرێمەوە کوردستان و کە تازەش بوو هێژاو بەڕیز کاکە فەلەکەدینیش داوایگەڕانەوەی بۆ کوردستان لێ کردبوو ، من ئەو ئامۆژگاریانەی کاکە ئیدریس وەک ڕابەرێکی وەفادار بە کوردایەت تا بلّیی ورەم بە پەیڤە شیرینەکان ئەو سەرکردە دلیرە بەرزو پتەو تر دەبوو ، کە شانازایم بە خۆمەوە دەکرد کەوا داوی گەڕانەوەم بۆ کوردستان لێ کراوە،ئەو شەوە تا درەنگان لە خزمەتی ئەو مرۆیە مەزن و سەرکردە قارەمانە ماینەوە و پاشان ئەوێمان بەجێ هێشت و دەبێ ئەوەش بلّێم کە وەزعی مادیم باش نەبوو بە بێ ئەوەی کە داوای هیچ بکەم ئەو سەرکردە نەمرە یارمەتیەکی باشی بۆ سەرف کردم و مالّ و مندالاَنم پێ بوژانەوە ، ئەو شەوە لای نەمر کاکە فەرەنسۆ مامەوە و بەیانی گەڕامەوە ئاوایی قەلاَی حەسەن خان لە نەزیک کەرەج کە مالّی هەڤالی نەمر کاکە جەبار حاجی لەوێ بوو لە دوای دوو ڕۆژان گەڕامەوە مازەندەران . هەزاران سلاَو لە گیانی پاکیجوانەمەرگ کاکە ئیدریش بارزانی ،هەزاران سلاَو و بۆ کاروانی شەهیدانی کوردو کوردستان لە سەرووی هەموانەووە مستەفا بارزانی نەمر.

بژی کورد و بژی کوردستان

## جوانه مەرگ کاکه ئیدریس

هۆ ڕابەرە سەربەر زەکەم
کاکە ئیدریس جوانە مەرگ
گەورە مەردی کوردستانم
ئەی پێشمەرگەی نیشتمانم
ئەی ڕابەری گەلی کوردم
ڕۆلەی هێژای بارزانی گورد
ئەمرۆ ئەوا نۆزدە 19 سالە
مالاَواییت لە ئێمە کرد



لە ڕێی گەل و نشتمانم
سەربەرزانە خۆت بەخت کرد
ئۆخەت نەکرد لەڕێی خەبات
بۆ ڕزگاری و سەبەخۆیی
گەلی کورد و خاکی وەلاَت
هۆ سەروەری گەل و وارم
هەر لەودەمەی سەرت ناوە
بۆ ئێمەی کورد زۆر پەژارەو

گریە و جەفات لە دلّ ناوە
وا بە یادی وەفاتی تۆ
نوسیمەوە شیحری هەستم
دەلّێم کە تۆ قەت نەمردووی
لە ناو دلّ و هەست و گیانمان
بۆ هەتایە باست دەکەین
لە ڕێی خەبات بۆ کوردستان
هەتا مابین یادت دەکەین

ئەو گەورە مەردو ڕابەرانەی لە ڕێگەی خاك و نەتەوەکەیاندا سەر دەنێنەوە هــــەرگیزاو هەرگیــــز نامرن

# چاوبەناز: ئەحمەد دەشتی لە فارسیوە وەرگێراوەتە سەر کوردی .

چاو بە نازیش گوتی:هەم خەمبارم و هەم دلشکاو پەرێشان و بێ هیوام.ئاوازەکە گوتی: بۆچ؟ چاو بە ناز گوتی: هەموو دەرو دەشت گۆراوە و بووە بە بیابان و هامۆن، مامزەکان بوونەتە دوژمنی یەکتری و هەموو لە هەموو لە گەڵ یەک نامۆ و بێگانەن، هەموو شتێک هەر رۆژ دوبارەدەبێتەوەو تا بلێی پڕ لە نا ئومێدی و ناخۆش و بێ مانایە،تەنانەت شاخ زێڕینیش لە بەر چاوی من و منیش بەبێ گومان لە بەر چاوی ئەو هێسک گران بووینە،هەستی دایکایەتی بەرامبەر بە بێچوەکان لە دەروونی من دا مردووەو هەتا بلێی دلگیرو نا ئارامم،لە بێ بەزەیی وبێ حەوسەلەیی خۆم شەرمەزارم،لە بەرامبەر ئەو شتانەی کە هاتۆتە پێشەوە هەست بە گوناهان دەکەم،لە خۆمەوە وا بیر دەکەمەوەو دەلێم کوێی ئاواتەکانی من ئاوا ناحەز و پڕ لە کارەسات بوو کەوا ئەم ڕوداونەی هێنایە کایەوە و ئێستا سەرلێ شێواو وحەیرانم. ئاوازەکە گوتی:ئارەزوووەکانت خراپ نەبوون،بەلام زۆر زوو بڕیارت دەداو بە زوویش دلگیر دەبووی،تەنیا هەندێکت لە روو داوەکان دەدی،جوانی و باشی هەموو شتێک لە بەردەوام بوون و مانەوەی دا نیە، وەرگرتنی گەورەترین پەند لە دەست پێ کردنی ڕوداوەکانەوە دیارە، بۆ وێنە لە کاتی تینوو بوون دا کە یەکەم دلۆپی ئاوت خواردەوە ئەگەر ماناو ئەرزشی نەزانی ئەوا هەموو ئاوی کانیاوان بخۆیتەوە قەدری نازانی،ئێستا هەستت بە تەواوی سەری لێ شێواندوویو بە تەواوی هەراسانی کردووهی،بۆیەکەش هەر ئاوات و هیوایەکی ترت هەبێت ئەوا دەبێ بە گرێ کۆرە،ئەو گرێ کۆرەیەش تەنیا

چەند ساتێ دوا دەکەوێت. چەند دەمێ بێ دەنگی دەبێ،پاشان چاو بە از گوتی:تەنیا شتێکم دەوێ کە بزانم بۆچی ئاوایە؟ئاوازەکە بێ دەنگ بوو.

چاو بە ناز گوتی:بۆچ ؟ ئاوازێک نەبوو.

چاو بە ناز دیسانەکە گوتی:بۆچی وەرام نیە؟ ئەمجارە ئاوازەکە وەرامی دایەوە و گوتی: هەموو جارێک ئارەزوویێکت هەبووە و داوات کردووە،یان بیرو باوەرێک و بۆچونێکت هەبووە بە جارێک جێ بەجێ کراوە،بەلام وەرامی ئەم بۆچی کەوایەی پرسیاری ئەمجارەت لێرە نیە، لە دەشتایە،ئەگەر بەڕاستی دەتەوێ بزانی بڕۆوە دەشت و ژیانی خۆت بەسەر بەرە، هیچ شتێکیش لەوێ بە سودفە مەزانە، بڕوانە هەموو ئەو دەرو دەشتەوەو چاوەدێری بکە،نالێم لە ڕوداوی شادی خۆشحال مەبە و لە ڕوداوەکان و کارەساتەکانیش دلتەنگ مەبە،بەلام هەمیشە ئەو پرسیارەت کە بۆچی ئاوایە لە دلتاو لە بیرتا بێت،چ لە شادی چ لە خەم و پەژارەکان لێ گەرێ با دلت بە تەواوی هەستی پێ بکات ،بەلام هەرگیز لێ مەگەرێ کەوا ئەمانە دەستت بەسەرا بگرێتن. بڕۆوە دەشتەوە ژیانت تاقی بکەوە هەمو سات و کاتێکیش تەواوی ڕوداوەکان برەتێنە،لە لای ئاسکەکان ژیانت بەرە سەر، هاودەمی شاخ زێڕین بەو لە هاورێیەتی دوو دلی مەکە،بەلام هەرگیز ئەو پرسیارەت لە یاد مەکە،ئەوە بزانە کە هەر ساتێ کەوا لە خەو هەل دەستی لە وانەیە ئەو رۆژە هەمان رۆژ بێت کەوا شاخ زێڕینی تیادا ڕاو دەکراو تۆش لە سەر گردۆلکەکە وەستاوی و دەڕوانی و پاشان دەچیە شوێنی ڕوداوەکە و پاش ماوەی پارچە پارچە کراوی ئەوا دەڕوانی،من نالێم خەمگین مەبە،دەتوانی کە خەمبار ببی،هەرچەندت

دەوێ ئەسرین برێژە و بگری،بەلام هەرگیز پرسیارەکەت لە یاد نەکەی،وە ئەوەی کە دەشی بینب وامەزانە کە دوا ڕوداوە،تا ئەو رۆژەی کە وادەزانی کە قوربانی شاخ زێڕین بۆ ئەویە کە نەوەکانی ئایەندە ئاسکەکانی تازە ژیانیان ببەنە سەر،بڕۆوە دەشت و سوڕانەوەی خوێنت لە ڕەگ و شادەمارەکانت هەست پێ بکەو کارمامەزکانت لە ناو دل و دەروونەوە هەست پێ بکەو خۆشت بوێن،دووبارە زایین تاقی بکەوە و دلی خۆت شاد بکە،بەلام هەرگیز وامەکە کە بە هۆی ئەو شادی بوونەتەوە پرسیارەکەی خۆت لە یاد بەریەوە و هەمیشە هەر بە یادی ئەو پرسیارەی خۆت بە،چونکە لەبیر چونەوەی پرسیارەکەت کە بۆچی ئاوایە لە کاتی شادی و خۆشیدا لە بیر چونەوەی ئاسانترە نەک لە کاتی خەم و پەژارە دا،وە لە کاتی کە خەم وپەژارە و ئازارەکان وەدی دەکەی بۆ ئەوەی کە پرسیاری بۆچی ئاوایەت لە یاد نەچێتەوەهەستی دایکایەتی و باوەڕ کردن بە مامزایەتی خۆت و پەیوەندی ئاسکەبچکۆلەکان بەخۆتەوە کە هەلێکی گەورە بۆ تۆ دەرەخسێنن تاقی بکەوە و پێیان شاد ببە،بەلام نەکەی پرسیاری ئەمە بۆچی وایەت لە یاد بکەیت،ئەو پرسیارەت بە هیچ شتێک تەنانەت بە رۆلەکانیشت نەگۆرێتەوە.کارمامزە بچکۆلانەکەت نەخۆش دەکەوێت و دواییش ڕاو دەکرێت، باوەڕت بە نەخۆشی هەبێ ،چاوەدێری هەموو ئەو ساتانەی کە پڕ لە پەژارەو ئازارو خەمەو ناتوانی کە هەموو ڕەنج و ئازارەکانی بێچوە نازدارەکەت و تال و تفتیەکان بەرگە بگریت و ئەوەندە بکە هەرچیەکی کە لە تواناشت دایە ئەنجامی بدە،ل18

وئەگەر بە تۆ بلێن کە گیایەک لە فلان شوێن بۆ چارە سەری و هەتوانی زام و برینەکانت هەیەئەوا برۆ بە دوای بکەوە وهەول بدە وەگیریان بخەیت و پەیدایان بکە هەرچەندە بەبێ سودیش بزانی،بەلام هەرگیز نەکەیت پرسیارەکەت ئەمە بۆچی وایە لە بیر بکەیت،پێ گەیشتنی کارمامزەکانی ترت بروانە،کەوا چۆن لە دوای ماوەیەکی زۆر کەم راو کردنی مامزە بچکۆلەکەت لە یاد دەکەن،ئەو دووە گەورە دەبن ، هەروەک تۆ ئەوانیش رۆژێ دێتن کە ژیانی خۆیان دەدەن،دلگیر ببە بەلام پرسیاری ئەمە بۆچی وایەت لە یاد مەکەرەوە. سالەهای سال دەڕوات و ئیتر هێواش هێواش هێزو گوڕت کەم دەبێتەوە و ئەو شەنگ و تاقەتەت نامێنتەوە، هەرگیز ناتوانی ئەو هێزو تواناو هەلبەز هەلبەز و غار غارانێی جارانی لاویەتیت ئەنجام بدەیتەوە،چەند هەنگاوێ کە داوێی ئیتر ماندو و پشو سوارو توشی فەرامۆشی دەبیت ،لەوانەیە کە هیچ یەکێک یان جگەلە چەند مامزێکی بە سالا چوو ئەوەیان لە بیر نامێنتەوەکەوا تۆ مامزێکی شۆخ و شەنگ و چاو بە ناز بووی و کەس باوەڕ بەوە ناکات کە رۆژێ لە رۆژان گەورەترین شەڕ و کێشەی دەشتی جوان و ڕەنگین لە پێناوی چۆنیەتی و دەست بەسەر تۆیا رووی داوە،هەموو رۆژێک کە دەچیە سەر کانیاوەوە بروانە ڕوخساری خۆت کە چۆن پڕ لە لۆچ ونیشانەکانی پیریەتیت پێوە دیارە،ئەوش باوەڕ بکەو لەبەری هەل مێ،لە گەل ئەوەش کە ئەمەت زۆر لا گرانەو پێی نائارامی لەو کاتەش دا پرسیارەکەت هەر لە یاد بێ کەوا بۆچی ئاوایە،ئەگەر ئەوانەشت لە دەست دا ئەوا چاوەکانیشت کزو بێ هێز دەبن و پیریەتی بە تەواوی هەست پێ بکەکە تۆ پیر بوویت ئەگەر بەمەش زۆر خەمگین و دلتەنگیش بیت دەبێ باوەڕ بکەی کەوایەو تەمەنت بە سەر چووەو پیر بوویت. ئاوازەکە هەندێ دوا کەوت و هاتەوە دیسانەکە گوتی:چاوەڕوانبە رۆژێ لە رۆژان وەرامی ئەو پرسیارەی بۆچی وایەت دەزانی بەلام نە لە خەوا بەلکو لە بێداری و واگاییت هەست بەوە دەکەیت و دەزانیت کەلە دوای ئەو هەموو شادی و خۆشی و خەم و ئازارو گەرماو سەرماو هەلچون ودابەزین و خۆشەویستی و دلشکان و شەڕ،چاوەڕوانی ئەمە نرخی خۆی هەیە،ئیستاکە برۆ کەوا هەستت بەوە کردوە لە دەشت چاوەڕوانی شتێکی تر نییت و برۆ بگەڕێوە وێندەرو ئەوسا وەرامی ئەو پرسیارەشت دەدۆزیەوە کەوابۆچ ئاوایە. چاو بە ناز لە گەل دەنگ و ئاوزی بالندەکانی کە هەلفرین و بۆ ئاو خواردنەوە هاتبونە سەر کانیاوەکە لە خەو واگا هات و سەیرێکی دەشتی کردو ئەولائەملای روانی،ئای کە چ خەونێکی پڕ لە سەیرو سەمەرەو درێژخایەنی دیت.

چاو جوان گەڕایەو دەشتی لانەی دێرینی خۆی لە لایەن شاخ زێڕینەوە دەژیاو هەر رۆژێکیش کە بە سەر دەچوو بۆ ئەو تازەو لوتف بوو، ئەوەشی زۆر چاک دەزانی کە رۆژێ دێت و بە هێز ترین ئاسکی ئەو دەشتە راو دەکرێت.هەر رۆژێکی کە لە خەو هەل دەستا وای دەزانی کە لەوانەیە ئەمرۆکە هەمان رۆژبێت کە تیاداشاخ زێڕین بۆ هەمیشە بروات نەمینێ،لە گەلیا گەلێ دلۆڤان و بە بەزەیی بوو، هەموو بزاف و هاکار و خۆشەویستیەکی ئەوی بەوە دەزانی کە ئەمە دواییەو ئیتر جیابوونەوە نەزیکەوهەمیشە هەولی ئەوی دەدا کەوا لە دیدارو هاوڕێیەتی ئەواتێر بێت .

ئیتر ئەو رۆژەهات و ئەو رۆژەی کە چ جیاوازیەکی لە گەل رۆژانی تر نەبوو، رۆژێ کە لە دوا جارو دوا سات دا شاخ زێڕین بە هەموو هێز و تواناکیەوەڕاو کراو لە بەرزای گردۆلکەکەدا بە چاوی خۆی ئەوەی بینی و چووە سەر پاش ماوەیێ لاشەی پارچە پارچە کراوی شاخ زێڕین،بەلام ئەوەی کەوا دەیدیت بەلایەوە بێ هودە نەبوو و ئەوەی باش دەزانی کە هۆی ژیان و مانەوەی نەوەکانی دوارۆژی مامزەکان لە گرەوی راو کردنی شاخ زێڕین دایە،گەلێ خەمگین و دل تەنگ بوو ,ئەسرینێکی زۆری لە هەردو چاوەکانی هەلڕشت وبەلام ئەمجارە بۆ لای جەنگەلەکە نەڕۆیشت.

لە دوای ئەوەی کە چەند کارمامزی بە دونیا هێنا و لەوەدا کەبێچوو بە دونیا هێنانی زۆر تاقی کردبۆوە پێ دلشاد بوو، لە هەموو بزاف و هەلبەزین و دابەزینی ئەوانەو دلخۆش بوو،ئەوەی باش دەزانی کەوا ئەو هەموو شادی و خۆشیەی کەوا لەڕاکردن و هەلس و کەوتی بێچوەکانی دەبینی ئیر جارێکی تر دووبارە نابێتەوە.کارمامزەبچکۆلانەکەی نەخۆش کەوت، ئەمجارە باوەڕی کرد کە کارمامزەکەی نەخۆشەوهەولی چارەسەری و هەتوان کردنی نەخۆشیەکەی دەدا، گەلێ دلتەنگ و نا ئارام بوو بە هۆی نەخۆشیەکەی بێچوە بچکۆلانەکەی ،کە بێچوەکەی دەدی کەوا تەنگە نەفەس و پڕ لە ڕەنج و ئازارە دەیزانی کەوا ئەمە دوا هەناسەی ژیانیەتی،

ماویەتی بۆژمارەی ئایەندە

## ئاڵاو نەخشەی کوردســـــــــــتان ئەحمەد دەشتی





خۆشـــــم دەوێ ئالای خۆم
ئاڵای جـــــوانی خاکی خۆم
بـێ ئـاڵام ژیـــانم نـــیە
ســـــەربەرزی و بونم نیە
ئاڵام دەبێ ســـــــەرکەوێ
بەرزە بێ و قـــەت نـانەوێ
ئاڵام ســـــــــەرووی ژیانە
ڕەمـــــزی بوون و مانـــمانە
ئاڵای کـــــورد زۆر ڕەنگینە
چـــــوار ڕەنگی پڕ ئەوینە
سورو سپی و ســـەوزو زەرد
هێمایە بۆ شـــــــادی هەرد
ڕەنگی ســــــوری خەباتم
ســـــــەربەخۆیی وەڵاتم
وەدی دێنـــــــێ بـۆ کوردم
ڕزگار دەکا گشـــــت هەردم
ســـــــپیم ئارامی ژیانە
ئاشـــــــتی و دوورە گریانە
ســـــــەوزم بوونی شادیە
نێشـــــــــانەی ئـازادیە
بیست و یەک تیشـکی ئەوین
خـــــۆرەتاوی ڕەنگ زێـرین
نـــــــەورۆزم وەدی دێنـێ
بەرزی ژیـــــــنم دەنـوێنێ
ســورو سپی و سەوز و زەرد
هەتوانی کـــــوردە بۆ دەرد
دەبێ بشـــــــــــەکێتەوە
ژێر دەســــــتی دەبڕێنتەوە
ئاڵای ڕەنگیـــــــن و گوڵم
خۆشـــــــم دەوی وەک دڵم
هــــــەر گەلی ئالای نەبێ
ون دەبێ و بی مـــاف دەبێ
ئاڵاو نەخشەی کوردســـــتان
دەبێ دیــــــار بێ لە جیهان
لە ئەتلەسی دونـــــــیا دا
ئاڵاو نەخشەم ســەر هەل دا
کوردیش ســـــــەربە خۆببێ کوردســـــــتانی بۆ خۆ بێ

# گەل و نیشتمان

زارۆکانی ئازیز و خۆشەویست پێش هەموو شتێک دەبێ مرۆ چاک بزانێت کە خەلکی کامە وەڵات و لە کامەنەتەوەیە، خاک و نەتەوە بۆ هەر کەسێک کە خۆی بە مەردو مەردانە بزانێت دەبی پیرۆز ترین و خۆشەویستترین شت لای ئەوکەسە نەتەوەو نیشتمانی خۆی بێت،جابەم چەند پەیڤانەبە کورتە باسێ‌لەنەتەوەو خکای خۆمان دەکەین‌کە ئێمە لە نەتەوەی کوردین وکوردستان ناوی نیشتمانی کوردە،کوردستان زیدو واری باب و باپیران و گەورە مەردانمانە،کوردستان واتە نیشتمانی کورد،ئەم خاکە ڕەنگین و جوانەی کە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی مەزن لەوەتی هەیە لە سەریادا دەژیت، نەتەوەی کورد کە بریتیە پتر لە پەنجا ملیۆن کورد هەتا ئەمڕۆ لە سەر خاکی خۆیدا کە کوردستانە بەبێ بوونی وەڵاتێکی خۆیەتی،گەلێ لە مێژە کە گەلی کەرد بۆ ڕزگاری و بوونی سەربەخۆیی خەبات دەکات و بە هەزاران هەزار قارەمانی لەم ڕێگە پیرۆزەدا کردووتە قوربان، دوژمنانی کورد و دراوسێکانی کورد لێ نەگەڕاون کە گەلی کورد وەک ئەوان مافی نەتەوایەتی خۆی هەبێت و لە ناو ماڵی خۆی دا بە ئازادی بژیت،هاتوون خاکیان داگیر و تەعریب کردووین، هاتوون گەلێ لە ڕۆلەکانیان شەهید کردووین و دەربەدەریان کردووین،هەتا ئەمڕۆکەش وازمان لێ ناهێن کە بۆ خۆمان ببین بە وەڵاتێکی ڕزگار و سەربە خۆ و خاوەن قەوارەیەکی نەتەوایەتیمان بین،دەبێ ئێمە دوژمنانمان باش بناسین و قەت سازشیان لە سەر خاکی خۆمان لە گەل دانەکەین،چونکە ئەوان دوژمنانە داگیر کەرن کورد کوژن،دژ بە هەموو شادی و بەختەوەریەکی کوردن،کورد دەبێ یەک بگرێت تا سەربەخۆببین، حزب حزبێنە بە دژی یەکتر دەردمان هەتوان ناکات ، تەنیا یەکگرتن بۆ کوردستان هەتوانی هەموو دەردێکمانە،دەبی ئێمە زانا بین،دلسۆزبین،دوژمنانی خۆمان باش بناسین، کێن ئەوانەی کە هەتا ئەمڕۆ کوردیان کوشتووە و مافمان دەخۆن لێ ناگەڕین بە ئازادی و ئارامی لە سەر خاک و ماڵی خۆمان دا بژین،دەبی هەموو هەولێکمان بۆ کوردستان بێت، نیشتمانی خۆمان بە هیچ شتێک نەگۆڕینەوە،تەنیا و تەنیا لە ڕێگای ڕزاگاریو سەربەخۆیی کوردستان دا بەبی وچان خەبات بکەین. خالخالۆکە

# سەرنجێک لەم وێنەیەدا



باش بڕوانە ئەم وێنەیە کە لەم وەڵاتە پێشکەوتوانەی ئەوروپدا سەگ و پشیلەش دۆستی یەکن ، کە بە هیچ کلۆجێ پەلاماری یەکتر نادەن،بەڵام لە وەلاتانی دوا کەوتووی وەک وەڵاتی ئێمە و ئەو ناوچانە قوڕ وەسەری پشیلەیەک گەر لە چنگی سەگ دا ڕزگاری نەبێت ئای کە چی وەسەر دێت. خالخالۆکە

# یاری کردن بە داروچکە

## یاری . بیرکردنەو . فێربوون



### یاری کردن بە داروچکە

1-تۆدکاریکە3سێ دانە داروچکە هەلگری و جێیان بگۆڕی ئەوسا پێنج دانە سێگۆشەی وەک یەکیان لێ بسازی، دەسا بیرکەوەو فێرەبە و یاری بکە .

2-لێرەدا دکاری کە سێ 3دانە داروچکە لەجێی خۆیان هەلبگری و جێیان‌بگۆڕیو ئەوسا دوو دانە سێ گۆشەی وەک یەکیان‌لێ بسازە .

**پیاز :** دەلێن خواردنی پیاز سودی زۆرە،بەڵام بۆنی دەم ناخش دەکات.بۆ ئەمەش باشترتن شت ئەوەیە کەفنجانێ‌قاوەی‌بەڕەنگ‌لەگەل‌پیازبخۆیتەوەبۆنەکەی‌دڕوات. وە دەلێن پیازی توندو تیز ئەگەر بازنە بیبڕیت و پاشان بۆ ماوەی سعاتێک لە ناو ئاوی جێ بێلی تیژیەکەی دەڕواو شیرین دەبێت.دەڵین ئەگەر دەستیشت بۆنی سیرو پیاز بگرێت لە جیاتی بە سابوون دەستت بشۆیت بە کەمێ خەمیری ددان دەستت جوان بشۆیت ئەوا بونەکە دەڕوات،دیارە کە پیاز زوو میکرۆب و بەکتەریای لە دوای مانەوەی بە سپی کراوی دەگرێت.جا بۆ ئەوەی کە ئەو پیازەی کە سپی دکەی لەم میکرۆب رزگاری بێت پیازەکەی کە سپی کراوە کەبی بە ڕپن چەوری بکە ئەوسا هەلی بگرە،پاشان کە وئستیت بیخۆیت پەلکە چەورکراوەکەی سەرەوە لێ بکەوەو فڕیی بدەو ئەوسا ئەیتر بەبی ترس نۆشی گیانی بکە .

**خیانەت**:پەستترین مـــــــرۆڤ ئەوو مرۆڤە چلکنەیەیە کە خیانەت لە گەل و نیشتمانی خۆی دەکات و خۆی دەفرۆشێت و خۆی لە پێناوی دوژمنانی گەل و واری خۆی تەرخان دەکاتدەبێتە قوربانی سەرکەوتنی نەیارانی گەل‌واری‌خۆی .خالخالۆکە



## وێنەی بیرەوەری:

ئەم وێنەجوانە کەبەر لە 22 ساڵ لەمەوبەرلەکوردستانی ئازاد گیراوە گەر خاوەنەکەی خۆی بناستەوە وئاگادارمان‌بکاتەوەئەوا دیاریەکی‌باشی‌پێدەدەین.

خالخالۆکە

## عەولەمە:

بەمانای‌جیهانگیریە کەبە هۆی‌تەکنیک وتەکنەلۆژیا ئەمڕۆ جیهان زۆر بچوک بوەتەوەو هەموو هەوالو ڕوداوەکان بەزووترین‌کات بڵاو دەبێتەوە

## خوایە کوێر بێ          خالخالۆکە

خوایەکوێربێ پەست و کەڕبێ کێ کەوا خیانەت دەکا
دژ بە قەوم و خاکی خۆیا ســـــــازشی خیانەت دەکا